باڤە تاڵەبانی و کونسوڵی ئەمریکا لە دەباشان کۆبوونەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە 8ـی کانوونی یەکەم لە دیداری نێوان باڤە تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان لە دەباشان دەخی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە گفتوگۆیان لەبارەوەکرا و جەخت لە یەکخستنی هەوڵەکان بە ئاڕاستەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر کرایەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، باڤە تاڵەبانی لە دیدارەکەدا ئاماژەی بە پێویستیی پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، پێویستە حکومەتی نوێ لەسەر بنەمای هاوسەنگی و دادپەروەری پێکبهێنرێت و ڕێنگدانەوەی خواستی هەموولایەک بێت، بە کارنامەیەکی بەهێز و دوور لە دەستوەردانی حزبییەوە خزمەتی هەموو لایەک بکات و کارکانی لەپێناو ئاوەدانیی کوردستان و دەستبەرکردنی ژیانێکی شایستەتردا بێت.

لە دیدارەکەی سەرۆکی یەکێتیی و کونسوڵی گشتیی ئەمریکادا، دەخی ڕژێهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت سووریا گفتوگۆی لەبارەوەکرا.